کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:50 13-8-2007

## ئەمریکا و بەرژەوەندی و ستراتیژی ... هیوا کۆیی

زۆرن ئەو ڕێگەو ستراتیژیانەی ئەمریکا بۆ بەناو باشترکردنی ڕەوشی عێراق گرتویەتیە بەر هەر لە



هەڵمەتی سەربازی لەژێرناوی جۆراوجۆر لە شارەکانی عێراق و زیادکردنی ژمارەی سەربازان و دابینکردنی بودجەی خەیاڵی بۆ مەساریفی جەنگ و... هتد

ماوەیەک بەرلە ئێستا دوای بەربەرەکانێیەکی زۆر لەنێوان پارتی دیموکراتی و بەشێك لە پارتی کۆماری لە کۆنگریسی ئەمریکا بەوهۆیەی کۆماریەکان کەلایەنگری بۆشن پڕۆژەبڕیاری بۆشیان لەلاپەسەندبوو کەبەپێی ئەوپڕۆژەیە ئەمریکا ژمارەی هێزەکانی لەعێرق زیاد دەکرد ئەمەبو دوای خستنە دەنگدانی پڕۆژەکە زۆرینەی دەنگەکان لەدژی پڕۆژەبڕیارەکەی بۆش بوو لەهەمانکات دەنگی زۆرینەی کۆماریەکان بەبێ کاریگەری لەم نێوەندەدا مایەوە بۆیە بۆش بۆ پێکانی مەبەستەکەی هانای بردەبەر مافی ڤیتۆ ئامانجەکەی خۆی لەوێوە پێکا، بەڵام تائێستا ڕەوشی عێراق لەوەی هەبو خراپترەو ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزبونی زیاتر یش دەچێت و واخەریکە بەکشانەوەی چەند وەزیرێك لەلیستە جیاوازەکان، حکومەتی مالکی هەرەسدێنێ ئەو لایەنانەی بەکشانەوەیان هەڕەشە لەحکومەتی مالکی دەکەن بەرەی تەوافوق کە سالح موتلەگ سەرۆکایەتی دەکات، وە لیستی العیراقیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی بەهامان شێوە هەڵپەساردنی کارەکانی خۆیان لەحکومەت و پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند بەوبیانوەی حکومەتی مالکی بێتوانایەو لەهامان کاتدا تایفەگەری و پشتگوێ خستنی لیستەکانیان فاکتەری سەرەکین بۆ کشانەوەو هەڵپەساردنی کارەکانی ئەولیست و لایەنانە، هەڕەشەکانی هەندێ لایەن ئەوەندە بەڵگەی لێکترازان و داڕوخانی حکومەتی مالکی دەدەن بەدەستەوە کەهیچ ئەگەرێك بۆمانەوە لەئارادا نامێنێ، وەك ئەوەی ئاژانسەکانی هەواڵ هەڕەشەی کودەتای سیاسی ئەیادعەلاویان بڵاوکردبۆوە کەئاراستەی مالکی کردبو، بێگومان ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕێگە خۆشکەر و پاڵنەری بەهێزە بۆ هەرلایەن و لیستێك ئەگەربیانەوێ کودەتای سیاسی لەدژی مالکی بەرپابکەن لەگەڵ عەلاویدا بۆ سازدانی کودەتای لەم جۆرە یەکبگرن، وە هەروەها عەلاوی داوای لەوەزیرەکانی لیستەکەی کرد کەلەهیچ کۆبونەوەیکی مالکیدا بەژدارنەبن و بۆ ئەنجامدان و کارڕای کردنی هەرکارێك ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆك کۆمارەوەبکەن بێگومان ئەم جۆرە لێدوان و هەڕەشانە حکومەتەکەی مالکی و بگرە ئینتیمای خەڵکی عێراقیش بێهێزدەکا بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی و بەرقارکردنی ئەمن و ئاسایش و دەسەڵاتی ئەمریکاش پێویستە لێرەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ڕێگەبگرێت لە هەر هەڕەشەیەکی لەم جۆرە کەزیان بەهەوڵە ئاشتەوایەکان دەگەیەنێت، بەڵام دیسانەوە ئەمریکا بۆئەوەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی کە خۆی لەپەنای ووشەیەکی چەواشەکاری دەبینێتەوە ئەویش ستراتیژیەتی ئەمریکایە کۆتایی پێهێنانی ئەم ڕەوشەنالەبارە دوادەخات و درێژە بە ئاڵۆزی بەربەرەکانێکان دەدات و بۆئەم جارەش بیرۆکەی بەرەیەکی نوێی میانڕەوی خستۆتە بەردەمی لیستە هاوبەشەکانی حکومەتی عێراقی بۆئەوەی لەوڕێگەیەوە ئاشتەوایی نیشتیمانی بەرقەراربێ (کەنابێت) .

بۆ بێهێزکردن و بە قەناعەت گەیشتنی پارچەبونی خاکی عێراق کاتێکی زۆرتر و ئاڵۆزی زیاتری لە ئێستا پێویستە بۆئەوەی نەیارانی دابەشبونی عێراق خۆیان داوای دابەشبون بکەن و ئەمریکا بیرۆکەی تر کەهێشتا نادیارە بخاتەڕوو. بەڵگەیەکی تر بۆ ئاڵۆزی و بەرەو گۆڕانی حکومەتی مالکی ڕاگەیاندنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

8ی ئەم مانگەی بەرەی تەوافوق بو کە چاوەڕوان نەکراوانە هەمو هەوڵە یەك لەدوای یەکەکانی لیستەکانی تری بۆ گەڕانەوەی تەوافوق بۆنێ و حکومەت شکست پێهێنا کاتێ بەرەی تەوافوق ڕایانگەیاند کە ئەوان بەژداری نە لەحکومەتی مالکی و نە هیچ حکومەتێکی تردا ناکەن لێرەدا ئەگەر بەڕاستی USAستراتیژیەکی هەبێت بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و ئاشتەوایی لە عێراق ئەوا ئەم هەڕەشانە بەرلە هەمو لایەك هەڕەشەن بۆ ئەمریکا خۆی و گەر وەك ئێمەش لە ئەمریکا دەڕوانین ئەمریکا زەرەرمەندی ئەم ڕەوشەبێت نابێت چیتر ئەمریکا ڕێگە بەم کەڵەگایی و خۆفەڕزکردنەی بەرە و لیستەکانی سونە یا هەر کەسێکی تر بدات، ئەگینا دەبێ هەمولایەك لەوبەرژەوەندیە تاك لایەنەخودیەی ئەمریکا تێبگەین و سەرکردایەتی کوردیش پشت بەهیچ بەڵێن و گفتێك نەبەستێت کەبەناوی ستراتیژیەتی ئەمریکاوەو هاوپەیمانیەتی پێمانی دەدات چونکە بەرژەوەندیە تایبەتی یەکانی خۆی ((USA لەسەروی هەرهاوپەیمانیەتی و لەپێش هەربەڵێنێکە کەدەیدات، دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین بەهەرەسهێنانی ستراتیژیەتی ئەمریکا کەبەرژەوەندیەو بەستراتیژی سیناریۆی دەکات ئەگەری نوێ بونەوەی کارەساتی سەرەتای بیستەکانی سەدەی 20م لەپێش هەر چاوەڕوانیەکی تردادەبێت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.